پارێزگاری سلێمانی لە دیوانی پارێزگادا پێشوازیکرد لە وەفدێکی باڵای ژنانی باکووری کوردستان

ئەمڕۆ چوارشەممە، د.هێڤان ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی لە دیوانی پارێزگادا، پێشوازیکرد لە وەفدێکی باڵای ژنانی باکووری کوردستان، کە پێکهاتبوون لە سەباحەت ئەردەگان ئەندام پەرلەمان لە شاری سێرت، عەدالەت چیمەن هاوسەرۆکی شارەوانی سلێپی، گوڵبەهار گوزەل بەرپرسی ئەکخراوی ئافرەت، نەسلیهان ئاجەر ئەندامی کۆنگرەی گەلی دیموکرات، گوڵبەهار ئاپ سی ئەندامی ئەنجومەنی ژنانی هەدەپە و ناهیدە ئرمیل نوونەری هەدەپە لە هەولێر.

لە دیدارەکدا گفتوگۆ لەسەر کاری هاوبەش و هەماهەنگیی نێوان شارەوانییەکانی باکووری کوردستان و پارێزگای سلێمانی کرا و پارێزگاری سلێمانی سوپاس و پشتیوانیی و ئامادەیی پارێزگای سلێمانی بە پەرچەدانی بوارە پەروەردەیی و کولتوریی و ژینگەیی و ئابوورییەکانی نێوانیان دەربڕی.